# راگیرانی هێناردەی نەوت 10 ملیار دۆلار زیانی بە عێراق گەیاندوە

بەرپرسی فەرمانگەی پێیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم رایگەیاند، سەرەتا لە دەستپێنەکردنەوەی هێناردەی نەوت تورکیا رازی نەبو، بەڵام ئێستا ئامادەیی خۆی دەربریوە و کۆشکە هاتوتۆو بەغدا، لەسەر بڕیارەکەی ژوری ناوبژیوانی پاریس عێراق ویستی 1.5 ملیار دۆلار لە تورکیا وەربگرێت، بەڵام زیانی 10 ملیار دۆلاری بەخۆی گەیاند.

سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پێیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات ئابوری هەرەمەکە فرەچەشن بکات و تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت، هەر وەک چۆن وڵاتانی ئێستا هەوڵی دەزینەوەی شوێنگرەوەی داهاتی نەوت دەدەن.
ئاماژەی بەوەشکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی پەرەپێدانی کشتوکاڵ دەدات و دەکرێت لە رێگەی هاوکاریکردنی جوتیاران و نەونەرانی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە سەکتەری کشتوکاڵ ببوژێنەوە.

لەبارەی ژمارەی نوێنەرەکانی دەرەوەی وڵاتان لە هەرێم ئەوەی خستەو، نزیکەی 30 کونسوڵخانە و

نوێنرایەتی وڵاتانی جیهان لە هەرێمی کوردستان بونیان هەیە، جگەلەوەش نزیکەی 15 رێکخراوی نێتەوەیەکگرتوەکان هەیە و لەم ماوەیەشدا قەتەر کونسوڵخانەی لە هەرێمی کوردوەتەوە.

لەبارەی هێناردەی نەوتەوە سەفین دزەیی باسی لەوەکرد، گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا زۆر و بەردەوامە و ئەو باباتانەی گفتوگۆیان لەدەکرێت لە ئێستادا پرسی هێناردەی نەوتە، پێش ماوەیەک دەوترا تورکیا، دواتر تورکیا ئامادەیی خۆی دەربڕی و پرسەکە هاتەوە بەغدا، لەسەر هێناردەی نەوت گرفتێک لە نێوان تورکیا و عێراق هەیە.

وتیشی، نزیکەی 11 مانگە هێناردەی نەوتی هەرێم راگیراوە و زیانی 10 ملیار دۆلاری بە عێراق گەیاندوە، عێراق ویستی 1.5 ملیار دۆلار لە تورکیا وەربگرێت، بەڵام 10 ملیار دۆلار زیانی بەخۆی گەیاند.